ڕۆژی گەل

OCT-18-2007-NO:198

# کێشەی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ، مادەی 140ی دەستوور چی لێدێ؟

# ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

بەشی پێنجەم و کۆتایی

### هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان چییە ؟

پێشەکی وابزانم پێویست ناکات پەنجە بۆ ڕاستییە مێژووییەکان دەربارەی کوردستانیبوونی کەکوک درێژ بکەم و ئەوانەی پێویستییان بەزانیاری زیاتر هەیە دەربارەی ئەم شارە ( زوڵملێکراوە ، سەربڕاوە ، تەعریبکراوە ) با چاوێک بخشێنن بە کتێبە بەنرخەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر ( کرکوک و توابعها ، حکم التآریخ والضمیر ) کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەنرخە .

دوور ناڕۆم و دەڵێم حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە هەتا 2003/04/09 بەدڵ وبەگیان نەخشەی چەپەڵی خۆیان بەسەر کەرکوکدا سەپاندووە سەبارەت بە گۆڕینی باری دیمۆگرافی شارەکە، هەروەها لەهەوڵێکی بەردەوامدابوون بۆ تێکدانی باری جوگرافی و کۆمەڵایەتیش. بەعسییە فاشیستەکان کەبەشی گەورەی ئەم تاوان و هێرشانەیان بەردەکەوێت، بەکوڵ و بەدڵ پیلانی بەعەرەبکردن و بەعسکردنیان پیادە دەکرد نەک تەنها لەم شارە بەڵکو لە زۆرشوێنی کوردستان و کەرکوکیان وەکوو گۆڕستان و کەلاوەیەک لەدوای خۆیان جێهێشت .

لە 2003/ 04/09 بەدواوە دەسەڵاتی بەعس لە کەرکوکدا نەما، دەسەڵاتی سیاسیش لەکوردستاندا هیچ نەخشەوپلانێکی بۆ شاری کەرکوک نەبوو، لەباتی کوردایەتی ڕەسەن و گێڕانەوەی شارەکە بۆ باوەشی کوردستان بەشێوەیەکی شارستانیانە، خەریکی شەڕە کورسی و شەڕە دزی و شەڕە پەڕۆ بوون، لەبەر بەرژەوەندی تاک و حزب کوردیان بیرچووبۆوە و وەکوو دوو خێڵ لە دوو گوندی دوور لە شارستانییەت ڕەفتاریان دەکرد، هەتا دووهەفتە چییان بکردایە لە شاری کەرکوکدا سەریدەگرت و کەسیش نەبوو لێیانبپرسێتەوە و ورتەیەکی لەدەم بێتەدەرەوە و پێیانبڵێ بەری چاوتان کلی پێوەیە، کەچی داخەکەم ئەو دەرفەتە بەنرخەیان لەدەستداو لە قینی یەکتر نەیانکرد. کە هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان، پەیامنێرو ڕۆژنامەوانان، کامێرەبەدەستەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان، بینییان کورد ئازادی و ڕزگاری ناوێ و خەریکی بانک برین و بارکردنی شیش و چیمەنتۆ و شتی بەنرخ لەشارەکەدا ئیتر لە ڕاستییەکان گەیشتن و کەرکوکیش تاسێنراو خنکێنرا .

پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کە نەدەبوو تەمومژ بخرێتە سەر کوردستانیبوونی کەرکوک و بەشێوەیەکی دەستووری چارەسەربکرێت چونکە مێژوو بڕیاری خۆی داوە کە ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگرە و کوردستانیان ڕاڕاو دوودڵنین بەرامبەر بە کوردستانیبوونی شارەکەی خۆیان کە شاری نەتەوە، کەمایەتی، گروپی تریشە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم دەبوایە کەرکوک ژیرانە مامەلە بکرایە بەتایبەتی چەندین ساڵ بوو بە ئاگروئاسن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بەشێکی گەورەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بەرکەوتبوو.

ئێستا کەرکوک لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق کەوتۆتە دەست ئیدارەیەکی گەندەڵ و بۆگەنی دوو حزبە کوردستانییەکەوە، ڕەفتارو کرداری ئەوان بە هۆی ململانێی حزبییەوە هەموو شتێکی تێکداوە، شەڕەپەڕۆ و شەڕە کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە هەموو کاتێک نالەبارتر و خراپترەو وایکردووە ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی ناو کەرکوک فراوانتر و قووڵتربکاتەوە و بۆشایی گەورە گەورە دروست بکات بە شێوەیەک کە دەستی تیرۆر بگاتە هەموو شوێنێک، ئەوەتا مەسەلەی ئاسایشی ناوشاری کەرکوک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و بۆیان کۆنترۆڵ نەکراوە، ئەو پارانەی لە ( هەرێمی کوردستان، بەغدا ، ئەمەریکا) دەگاتە دەستی ئەم ئیدارە گەندەڵە کەس نازانێ چۆنچۆنی خەرج دەکرێت و چی لێدێت یاخود شتێکی کەمی لێ خەرجدەکەن و خۆیانی پێوە بادەدەن و منەت بەسەر میللەتدا دەکەن و ئەوی تریشی حەپەلووشدەکەن و کەرکوکی پێدەکەنە کەلاوەو وێرانە، بێگومان ئەم کارانە هەمووی ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر (شارەکە، کێشەی نەتەوەیی، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کەرکوک، ئەمەریکا و هاوپەیمانان ) دیارە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیش پێیان خۆشە ئەم دیمەنەی شاری کەرکوک بە چاوی خۆیان ببینن بۆئەوەی سازش لەدوای سازش بە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی بکەن لەسەر حسابی کێشەی نەتەوەیی ئێمە. هەمووجارێک کوردستانیان دەبێ باجی هەڵەی ئەم دوو حزبە بدات !!

ئێمە میللەتێکین ئەنفال کراوین ، بەگازی ژەهراوی مامەلە کراوین ، نیشتمانەکەمان بۆتە کەلاوە و گۆڕستان ...... نەدەبوو دەسەڵاتی سیاسی کوردستان ڕێگەبدەن ئەم شارەی کوردستان ئاوای لێبێت و مەلەفچییەکان سەرکردەمان بن و کێشەکەمان سووک مامەلەبکرێت ، تاکاتێک بەخۆماندەزانین هەموو شتێک بەعێراقیی کراوە و زۆر شتیشمان لەدەست داوە، لەناوئەوانە کەرکوک و (مادەی 140 کەدەستکردی دوو حزبەکە خۆیانە)

لەوەتی کێشەکەمان داوەتە دەستی قەدەر و دەمانەوێ بە مەزادی عەلەنی و دەنگدان کەرکوک بسێنینەوە، لەوەتەی چاوەڕوانی ئەوەین دوژمن و ناحەزەکانمان کێشەکانمان بۆ بخەن بەلادا، لەوەتەی پارەوپوول گێژیکردووین و بەرچاوی خۆمان نابینین، لەوەتەی دەستمان بەرزکردۆتەوە بۆ خواستی نەیارو دوژمنەکانمان و دەمانەوێ لەژێر دروشمی عێراقێکی (فیدرالی، دیموکراتی، پەرلەمانی) دا بەناوی بەهێزکردنی برایەتی کوردو عەرەبەوە (کە ئەوان 83 ساڵە بڕوایان پێی نییە!) عێراقیان بۆ بنیات بنێینەوە ....ئالەوکاتەوە ئێمە زۆرشتمان دۆڕاندووە و لەدەستداوە کەدەبوو بە پێچەوانەوە بێت بەتایبەتی کارتی کورد لاواز نەبوو، بەڵام داخەکەم ئێمە خۆمان، خۆمان لاوازکرد بەرامبەر بە هیچ !!.

تاقیکردنەوەکانی مێژوو سەلماندویانە دەبێ سیاسەت لەگەڵ تواناو وزەکاندا گرێبدرێن بۆئەوەی بتوانی بەئاسانی کاربکەیت، بە پێچەوانەی ئەمەوە قوربانییەکان بەفیڕۆ دەچن و ئامانجەکانیش دوور دەکەونەوە. ئەگەر عەقڵ و مەنتیق و هوشیاریی و بەرژەوەندیی باڵا نەبنە میوان و چاودێری سیاسەتمەدار نەکەن، ئەوا سیاسەتمەدار دەبێتە زۆردارو لەگەڵ داگیرکەردا جیاوازی نابێت و جیاناکرێتەوە لەیەک .

میللەتی بیابانی ڕۆژئاوا لە مەغریب کەبەرەی ڕزگاریخوازی پۆلیساریۆ سەرکردایەتییان دەکات و ژمارەی دانیشتوانیان لە ملیۆنێک کەمترە، لەساڵی 1975 وە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن و دەیانەوێ لە مەغریب جیاببنەوە و دەولەتی خۆیان هەبێت ، هەتا ئێستایش هەر سوورن لەسەر داخوازییەکانی خۆیان و لێی نەهاتوونەتە خوارەوە ، بەرامبەر بەمە هیچ پرۆژەیەکی تریش ڕەتناکەنەوە کە پێشکەش بەمان بکرێت بۆ بەلاداخستنی کێشەکەیان ، بەڵام مەرجی ڕاپرسی لەسەر دادەنێن و دەڵێن ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرس وڕا بەوان بکەین ، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی دانووستانەکان لەگەڵ مەغریب ببەنە واشنتۆن کەتائێستا نەگەیشتوونەتە هیچ . ئەم میللەتە بەم کارەیان توانیویانە سەرنجی وڵاتانی ئەفەریقا و یەکێتی ئەورووپاو ئەمەریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن . ئایا سەرکردایەتی هەردوو حزبەکەی کوردستان ، پارتی ویەکێتی ، یەکجار لەڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستانەوە بەرەسمی ڕایانگەیاند و ئەمەریکا و یەکێتی ئەروپا و ڕای گشتی جیهانیان لێئاگادارکرد کە ئەوان بۆ بەلاداخستنی مەسەلە چارەنووسسازەکان پەنا دەبەنە بەر میللەت و پرسوڕا بەوان دەکەن ؟!! .

لەپێش نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و دامەزراندنی حکومەت و دەستنیشانکردنی سەرۆک ( کۆمار و وەزیران ) و وەزیرەکان ، بیرمەندوسیاسەتمەدارانی کورد ، ڕوناکبیرو ئەکادیمیستەکانمان ، توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوەکانمان دەیان وتاریان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ڕەسمی و ئەهلییەکانی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێت بلاوکردەوە دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن و بە پیرەوەچوونی بارودۆخی نویی عێراق و بەلاداخستنی کێشەو ئاستەنگەکان . سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە دەیانتوانی سوود لە پسپۆڕیی و شارەزایی ئەوانە وەربگرێت و بانگهێشتیان بکات بۆ کوردستان تا هەموو پێکەوە بەرنامەیەکی نوێی کارکردن دابرێژن بۆ کوردستان و عێراق ، بەڵام بەداخەوە نەک هەر بانگهێشتی کەسیان نەکرد ، بەڵکوو حسابیشیان بۆ نەکردن و ئاوڕیان لێنەدانەوە چونکە ئەوان لەو جۆرەکەسانە دەترسن و نایانەوێ لێیان نزیکببنەوە .

ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی زۆرچاک دەزانن بارودۆخەکە ڕوو لەکوێ دەکات ، بەتایبەتی پاشەکشە زۆرە لە مەسەلە گرنگەکان ، گەڕانەوەش بۆدواوە بەردەوامە ، کەچی لێی بێدەنگن و ئەو هەنگاوانە نانێن کە بە قازانجی گەلەکەمان تەواودەبێت ، ئامادەنین ڕوون و ئاشکرا قسە بۆ میللەت بکەن و دەیانەوێ ڕاستییەکان بشارنەوە و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکییەوە ، ئەوان واتێگەیشتوون هونەری سیاسەت ، هەوەسبازی و بەخشینەوەی ناڕاستییە بەسەر خەڵکدا. ئەوان دەیانەوێ خەڵک لە سێبەری خۆیاندا ڕاوەستن و قسەکانیان بجوونەوە.

هەتا ئێستا دەسەڵاتی ناوبراو خۆیان دەدزنەوە لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەو سەرژمێریی لەشاری کەرکوکدا کە دەبوایە تەواو ببونایە و خەلک خۆی ئامادەبکردایە بۆ ڕیفراندۆم لەکۆتایی 2007 دا ، ئەمانە هەمووی ڕێگەخۆشکردنە بۆ بە عیراقیکردن و بەدەستەوەدانی کەرکوک و نەک هەر ئەمەو بەس ، بەڵکوو ئەگەر کارەکان وەها بڕوات ، ئەوا ئەوەی کورد بەدەستی هێناوە ، ئەوەشمان لە کیس دەچێت و دەبێ باجەکانی بدەین و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر حسابی بنیاتنانەوەی عێراق و حکومەتی ناوەندی ، ئێمە داوای لامەرکەزی یان ئۆتۆنۆمی لەوان بکەین و شتێک نامێنێ کە ناوی فیدرالی بێت و کەرکوکیش عگالی لەسەر سەر دادەنرێت بەرگی عێراقی لەبەردەکرێت و بە خەویش ناگەڕێتەوە باوەشی کوردستان !.

دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا هیچ شتێکیان لەدەست نەداوە ! بەڵام خەریکە هەموو شتێک لەدەست دەدەن ، پێدەچێ هەموویان خۆیان بە کاتیی بزانن و کەی ویستیان گۆڕەپانەکە جێبهێڵن و هەڵەو خەتاو تاوانەکانیش بخەنە ملی ئەوانیتر .

بۆ ئەوەی کار نەگاتە ئەوەی کارەساتێکی گەورەی تر ئێخەی کورد بگرێت ، پێوستە دەسەڵاتی سیاسی قەبوولنەکەن فشاری ئەم وڵات و ئەو وڵات بیانڕوخێنێ چونکە ئەوان میللەتێکیان لە پشتە کە بەکۆی دەنگ نایەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە .....بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر قەبوولی خواستی ناحەزەکانی گەلی کوردیان کرد و گوێیان بۆ حەز و خواستەکانی میللەت نەگرت ئەوا بە دڵنیاییەوە مێژوو پشتاوپشت ئێخەیان دەگرێت!!! .

لەهەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دروست و گرنگن بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان :

یەکەم/ پێویستە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەریم ، هەروەها پارتی و یەکیتی و حزبە کوردستانییەکان ، هەڵوێستیان یەکخەن لە سەر مەسەلەی کەرکوک و مادەی 140 ی دەستوور و بە شێوازی جیاجیا کارنەکەن و هەرجارەی لەبەر خاتری ئەم و ئەو (گایەک بە کوشت نەدەن بۆ کێچێک) و تەسریحێک ، قسەیەک نەکەن و هەولوتواناو کردارەکان یەکخەن و بەهێزی بکەن و هەمیشە بڵێن : ئێمە میللەتێکمان هەیەو پێویسە پرسوڕا بەوان بکەین ، هەرکاتێک سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە وێرایان بەڕەسمی و بەبەرچاوی دنیاوە ئەمە بڵێن ، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە باتی ترووسکاییەک هەزار ترووسکایی هەیە بۆ ڕزگارکردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانمان! .

دووەم/ بەندی (ب) لەمادەی 140 بەپێی دەستوور دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆک کۆمار کە پەیوەندی بە ئاساییکردنەوەی قەزاوناحیەکانی دەوروپشتی کەرکوکەوە هەیە بەهاوکاری هەردوو جێگرەکەی . لەبەرئەوەپێویستە بە زووترین کات هەنگاوی عەمەلی بنرێت بۆئەم مەبەستە و میللەتی لێئاگاداربکرێتەوە .

سێیەم/ ئەگەر دکتۆر عەللاوی و بەرەی تەوافوق و خەڵکی تری سەربەمان بتوانن تەحەددا بکەن و هەڕەشە و گوڕەشە ببەخشنەوە و خەڵکانی سەربەخۆیان بکشیننەوە لە پەرلەمان و حکومەت ، ئەی بۆچی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەوێرێ وەکوو ئەمان بکات لە پێناوی گێڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان ؟!! ، خۆ ئەگەر بڵێن ئاخر تورکیاو ئێران هەڕەشە دەکەن و دێنە ناوەوە !! ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم هاتنەناوەوەی ئەوان مانای دەرچوونە لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بەزاندنی خەتی سوورە و لەهەمانکاتدا دەستدرێژییە بۆ سەرسەروەری وڵاتێکی تر و حەیا چوونیشە بۆ ئەمەریکا و کۆمەلگای نێودەوڵەتی ، چونکە ئەمەریکا بە پێی بڕیارێکی نێودەوڵەتی ، عێراقی داگیرکردووە . خۆئەگەر هەرکرا ، ئەوا هەموو موعادەلەسیاسییەکەی ئەمەریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکدەچێتەوە ، بێگومان کوردیش دەگرێتەوە ، ئەوسا ئەوانە ناتوانن میللەتێک لەناوبەرن ، کورد وەکوو جاریجاران درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات ، بەتایبەتی ئێستا دنیا وەها بچووک بۆتەوە ، لەچرکەیەکدا ئەمسەری دنیا ئاگای لەوسەری دنیایە .

تێبینی : ڕەنگە هەبێ و بڵێ : ئەگەر مەبەست لەنووسینی ئەم وتارە کەرکوک و مادەی 140 ە ، ئیتر ئەم درێژە پێدانەی بۆچیبوو ؟ لەوەڵامدا دەڵێم : پێشئەوەی باسی کێشەکەمان بکەین ، پێویستە ئێمە خۆمان و دوژمنەکانمان بە چاکی بناسین ، ئیتر ئەوسا تێدەگەین کێشەکەمان لە کوێدا گیری خواردووە و چەقیوە و هۆیەکەی چییە!

**عارف کەریم – ستۆکهۆڵم**
kadir_arif@hotmail.com

# لەشکرکێشی تورکیا و هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی کورد لە عێراق

لەدوای ڕەزامەندی دەربرینی پەرلەمانی تورکیا ،کە ڕێگە بە سوپای وڵاتەکەی دەدات لە ماوەی ساڵێکدا دەست کراوە بێت بۆ هێرش کردنە سەر گەریلاکانی پ.ک.ک و بەزاندنی سنوری هەرێمی باشووری کوردستان، بەوهۆیەوە جەنەراڵەکانی تورکیا پەنجەی هەڕەشەو گوڕەشە بۆ ئەوانەش درێژ دەکەن کە هاوکاری گەریلاکانی پ.ک.ک دەکەن. گومانی تێدانییە مەبەستی ئەم هەڕەشانە کوردەکانی باشوورە. هەروەها تورکەکان لیستێکی 150 ناویان لە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی پ.ک.ک و پارتەکانی باشووری کوردستانە بە وەفدی عێراق دابوو، ئەم داخوازیە نا لۆجیکیە قابیلی قبوڵ نەبوو، هەر زوو ڕەتکرایەوە، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە جێی دڵخۆشی سەرجەم خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسیەکان ، هەردوو بەیەکەوە وتیان: نەک بەرپرسی کورد، تەنانەت پشیلەیەکیش تەسلیم بە تورکەکان ناکەین! ئەمەش تورکەکانی تورە و نیگەرانتر کرد، هەستیان کرد ئەم جارە خەونە گلاوەکانیان لە گۆڕ نرا، ک جارێکی تر ناتوان کورد بە کورد بە کوشت بدەن، یاخود جارێکی تر جاشایەتی لە هزری خەڵکی کوردستان زیندو بکەنەوە، بۆیە تورکەکان بە ڕاست و چەپ لێدوان دەدەن و ئامادە نین دیالۆگ وحیوار لەگەڵ کورد بکەن، ئەمە کێشەی 16ملیۆن کوردە بە ڕۆژی ڕوناک مافەکانیان پێشێل کراوە، تورکەکان خۆیان زۆر لە کورد بە گەورە تر دەزانن، پێیان وایە لە شان شکۆی ئەتاتورک کەم دەبێتەوە ئەگەر لەگەڵ کورد باسی ڕێگە چارەی ئاشتیانە بکەن کە کورد هیچ کاتێک ڕەتی نەکرتۆتەوە. لەدوای ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی باکوور و نزیک هەرێمی باشووری کوردستان و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، کە چەندین لێدوان و هەڵوێستی جیهانی و ناوچەی لێکەوتەوە، هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی ئەمریکا ئەوە بوو کە تورکیا دان بە خۆیاندا بگرێ و هێرش نەکاتە سەر باشووری کوردستان، پەنا بۆ حیوار و دانوستان بەرێ، کێشەکە بە ڕێگە چارەی دیبلۆماسیانە چارەسەر دەکرێ ،نەک بە پەلامار دان و نانەوەی کێشەو گرفت و پشێوی دروست کردن لە ناوچەکە. چونکە بەزەرەری تورکیا تەواو دەبێت، هەروەها یەکێتی ئەوروپاش ئامۆژگاری تورکیای کرد کە پەنا بۆ شەڕو چەکداری نەبات، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە و تێرامانە بۆ سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستان، لاوازی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بە گشتی و عەرەبی عێراقی بوو بە تایبەتی، دیاربوو چەند بە ساردی و بێباکانە و دوور لە عورفی هاوپەیمانێتی و و دۆستایەتی و ئەخلاقی سیاسی دەنگێکی بەرامبەر ئەم مەسەلەیە هەستیارە هەڵسوکەوت دەکەن، یاخود چەند پەرلەمانتارێکی لیستی تەوافق و عێراقیە دەڵێن، هەر کاتێ کورد کەوتە مەترسیەوە و تینی بۆ هات دەڵێن" ئێمە عێراقین و پاراستی سنورەکان لە ئەستۆی عێراقە، ئەگەر هەتا لە کاتی شەڕو ئاشتی پشتمان لێ دەکەن وباسی هەڕەشەی دەوڵەتی کوردیمان لێ دەکەن" ئەی بۆچی سەرکردایەتی کورد لە بەغدایە ؟ بە بیری ئەو حزب و ڕێکخراوە عەرەبیە شیعانە نایەت کە تەڕاتێنیان لە کوردستان دەکرد؟! ئەی بۆ لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی لەندەن و ناسریە هەموو داخوازی و مافە نەتەوایەتیەکانی و سیاسیەکانی کوردیان سەلماند!! ئەی بۆ ئێستا لە بەغداد لە سەر کورسی حوکمرانی خۆیان بمێنن ئینجا جۆرێک لە بەشیمان بونەوەیان پێوە دیارە، خەریکە کێشەش بۆ سیستەمی فیدراڵی لە عێراق و مادەی 140دروست دەکەن . کاتی ئەوە هاتوو کە سەرکردایەتی کورد ڕوبەڕو پێیان بڵێن: ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە کورد لە لایەن دوژمنێکی سەرسەختەوە یەخەی پێگیراوە و ئێوەش وا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمەی کورددا دەکەن! ئێمە لەدوای ڕوخانی بەعسەوە گەورەترین دەرفەتمان بۆ ڕەخسا کە دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنیین کەچی نەمان کرد، هاتین جارێکی تر عێراقمان دروست کردەوە، باش بزانن ئێستا کارتی کورد و هێزی کوردی لە عێراق گەورەترین هێزە، دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە لەرزۆکەی ناوچەی سەوز کە ئەمەریکا دروستی کردوە لەباری بەرێ.

تورکیا بە هەوڵەکانی نەیتوانی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران مسۆگەر بکات، سەرانی عێراق و ئیسلامی ئێران نەچونە ژێر داواکاریەکانی تورکیا، لە هێرشکردنە سەر کوردستان هاوکاری ناکەن، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم کێشە ئاڵۆزە دەکات، دەزانێ کە تەڵەکە بۆ ئەو دانراوەتەوە. تورکیا دۆست و هاوپەیمانی کۆنی ئەمەریکایە، ئەندامی بەهێزی ناتۆیە، بۆیە ئێران بە پارێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ دا دەکات، هەربۆیەش بە پێچەوانەوە وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی عێراقی کرد و بەڵێنی هاوکاری بۆ عێراق دووپات کردەوە، بەوهۆیەوە دەردەکەوێ پلانی چەپەڵ و گلاوی دەوڵەتانی ئەقلیمی بۆ ئەو کۆمار و دەسەڵاتە بچوکەی کورد کە بەرێوەیە، چونکە کەسیان بەم دەسەڵاتە بچووکە چاویان هەڵنایە ئەگەر هەلیان بۆ برەخسێ لەناوی دەبەن، کەچی ئاگاداری ئەو هەموو گۆڕانی بارودۆخی دونیا و هاوکێشەی سیاسی و ستراتیژی ناوچەکە نیین، خۆیان لەو ڕاستیە دەدزنەوە، نایانەوێ بیسەلمێنن کە جیهان گۆڕاوە و جارێکی تر کەس ناتوانێ دۆزی کورد و مافەکانی بخنکێنێ، بەڵام دیسانیشەوە ئێمەی کوردستانی دەبێ بزانین کە تەنیا خۆمانین و دەبێ بەرپەرچی هەر هێرش و دەستدرێژیێک بۆ سەر نیشتمانەکەمان بدەینەوە، تەنیا یەکریزی و یەکهەڵوێستی سیاسی و گوتاری نەتەوەیی زامنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمانە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد تەنیا پشت بە هێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببەستێ، خۆیشی بۆ هەر روداو گۆڕانکارییێک ئامادە بکات.



**هۆشیار عەبدولڕەحمان**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com